﴿30﴾

# ئیعجازی مێژوویی له قورئانی پیرۆزدا

جارێکیان باسمان کردو ووتمان (اعجـان) کارێکـه خـوا ئـەیکا، (جـل جلالـه) لەئاسـایی بەدەره وه ئەو کاره ئەو دیاردەیه لەسەر دەسـتی پێغەمبـەرێکی خـۆی دەرئەکـەوێ شـێوازی (تحدی) وەرئەگرێت بۆ بەڕاست زانـین وپشـتگیری ئـەو پێغەمبـەره لـه پێناویئـەوەی خـەڵکی باوەڕی پێ بکەن، وەکو عەصاکەی موسا (علیه السـلام)..وەکـو ئـەو دەسـته پـیرۆزەی عیسـا کەئەیهێنابەسـەر گـولو کوێـرو تەناتـەت مـردووش بـەقودرەتی خـوا چـاك ئەبوونـەوە، ئـەو معجزاتانه لەئاسایی بەدەربوون لەپێناوی ئـەوەی خـەڵکی بـاوەڕ بکـەن ئەمانـه ڕەوانـه کـراوی خوان.

(محمد المصطفی) (صلی الله علیه وسلم) خوای گـەوره معجیزەیـەکی هەتاهـەتایی گـەورەی پێدا، پیٚ ئەووترێت قورئـانی پـیرۆز کەکـەلامی خوایـه. بـەڵام جگـه لـەقورئان دەیـان بـەڵکو سەدان معجیزاتی تر ڕوی‌داوه لەسەر دەستی پێغەمبەردا ( صلی الله علیه وسـلم) کـه زیادبوونی ئاو بووه، چاك کردنەوەی نەخۆش بووه، چاك کردنەوەی کوێربووه، بەڵکو گەنجێك له جەنگدا چاوی دەرپـەڕی له شەڕێکدا، چاوی بەدەستی‌یەوەبوو عەرزی کرد: یارسـول الله مـن تازه ژنم هێناوه، حەزناکەم بەم ناشـرینی‌یه برۆمـەوه لای ژنەکـەم، پێغەمبـەری خـوا بـەزەیی پیاهاتـەوه چاوەکـەی لیٚوەرگرتو بەدەسـتی مبـارەکی خسـتی‌یەوه چـاڵی چـاوی بـەقدرەتی خواچاك بووه وه، دەیان معجزاتی واهەیه کەلەسەر دەسـتی پێغەمبـەردا ڕووی‌داوه، هـەندێکی

شیوازی (تحدی)ی وەرگرتووە، هەندیکیشی شیوازی(تحدی) وەرنەگرتوە، بەلام زانا بەریزەکانی ئیسلام لەبەرئەوەی ئەم کارە نائاساییانە، منافسەی قورئان ئەکەن تیکەل بەقورئان نەبن ناویان ناوە، (دلائل النبوة) واتە: بەلگەو نیشانەی پیغەمبەرایەتی، بۆ ئەوەی لە معجیزەگەورەکە جیای کەنەوە، لەهەمان کاتیشدا جوان نیە بۆ پیغەمبەری خوا ئەم کارانە پێی بووتریت (کەرامات) کە بۆ (ئەولیایە) بەلام پیغەمبەر مەقامی (پیغەمبەریتی) هەیە بەلکو مەقامی ٠(خاتم الانبیاء والمرسلین) ی هەیە(صلی الله علیه وسلم) .

لە قورئاندا ئەم موعجیزانە زۆر هەمەچەشنەن، ئیعجازی زمانەوانیو رەوانبیژیو میژووی هەیە، ئیعجازی زانستی هەیە لەبوارەکانی زانستیدا لە گەردوون ناسیەوە تادەروون ناسی. ئیعجازاتی ژمارەیی تیایە، ئیعجازاتی تەشریعی تیایە بۆنمونە: ئیعجازاتی ژمارە، (مامۆستا سعید نورسی) (خوا دەرەجەی عالی کات و لێی خۆش) بیت لە سورەتی الکهف دا کەخوای گەورە باسی کۆمەلیك لاو ئەکات کەنەیان توانی دینداری خۆیان ئەنجام بدەن لەناو کۆمەلگایەکی فاسددا، هەلهاتنو دورکەوتنەوە لەو کۆمەلگایە بۆئەوەی دینیان بپاریزن چوونە ئەشکەوتیکەوە ماندووبوون خوای گەورە (٣٠٩) سال خەواندنی (أم حسبت أن اصحاب الکهف والرقیم کانوا من أیاتنا عجبا)[1] ئەروات باسەکە تا ئەگاتە (ولبثوا في کهفهم ثلاث مئة سنین وازدادوا تسعا)[2] ووشەی تسعا (٣٠٩) هەمین ووشەیە لەو چیرۆکەدا! ئایا ئەمە ریکەوتە...؟ ئایا محمد ئەتوانیشتیوەها دروست کات..؟ ئەمەگەورەترین ئیعجازە کە قورئان کەلامیخوایە. ئەفەرموی(٣٠٩)سالیان پیچوو، ووشەی (نۆ)کە (٣٠٩)هەمین ووشەیە لە سورەتەکەدا (سبحان الله).

جامەبەستمان لەم هەمە چەشنیە لە ئیعجازی قورئانی پیرۆز کەمرۆڤ پەیوەندی بکات بەخوای گەورەوە لەریی کتیبەکەیەوە، لەریی قورئانەکەی خواوە لەپیناوی ئەوەی کە مرۆڤ ئیمان دەست گیر بکات. ئیمان کۆنترۆلی ژیانی ئینسان ئەکات. ئەو ساکە بەختەوەری دنیا و قیامەت ئەبیت، ئەمرۆ لەکتیبەکانی مفسرینو رۆشنبیرانی رۆژئاوادا ووشەیەك بەکار ئەهینین پیی ئەوتریت(کووالەتی ئۆف لایف) کە بەعەرەبی (جودةالحیاة) ئەگریتەوە، واتە: چاکی ژیان، دووکەس لە جییەکدا ئەژین بەلام ئەمیان بەجۆریك ئەژی ئەویان بەجۆریکیتر. جۆری ژیانیان جیاوازە، جابۆچاکی ئەو ژیانە کۆمەلیك پیوەر دانراوە وەك پیوەری زانستی لەوانە: هاوسەنگی عەقلیو دەروونی ئەوکەسەیە. پلەی لیبوردنی ئەوکەسەیە پلەی بەخشینی ئەو کەسەیە، ئیرادەو ویستی خیر لەو کەسەدا، تاچ رادەیەك حەز بەزانستو فیربوون ئەکات،

---

([1]) الکهف / ٩.
([2]) الکهف / ٢٩.

تاچ ڕادەیەك ئامادەیە خزمەتی خـەڵكی بكات لەسـەر حسـابی بـەرژەوەندی خـۆی، بـڕی ئـەو بەهایانەی كەئەو مرۆڤە هەڵی گرتووە، چەند هەوڵدەدات ئەو بەهایانە پەیكەلْ بكات لەژیانیداو بلاّوی كاتەوەو بیگەیەنێت بە خەڵكی، تاچ ڕادەیـەك گوێڕایـەڵی یاسـایە، تـا چ ڕادەیـەك ڕێـزی هەیە بۆ بەرامبەر، تا چ ڕادەیەك خۆشەویستی ئەبەخشێ بەبێ مەرج.

ئەمانە پێوەری ژیانن هەرهەموو یان سەرچاوەیەكی ژیانیان هەیە ، بەمانایەكیتر خوا ئەیـەوێ مرۆڤ ژیانی چاك كات لەسەر زەویدا، بەختەوەر بێت لەسـەر زەویدا، بەختـەوەر بێـت پـاش مردنیش. كەواتە داوا كراوە لەهەموو مرۆڤێـك گۆڕانكاریـیـەك بكـات لـەناو خۆیـدا. وەك خـوای گەورە لە قورئاندا ئەفەرموێ :

(له معقبات من بين يديه ومن خلفه يحفظونه من أمر الله إن الله لايغير مابقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم واذا أراد الله بقوم سؤا فلا مرد له ومالهم من دونه من وال)(٣).

خوای گەورە گۆڕانكاری ناكات لـەهیچ كۆمـەڵێكدا تـاوەكو خۆیـان دەسـت پێشـخەری نەكـەن. دوای ئەوە سەركەوتنوقەدەر و یارمەتی خوا دێت. هەنگاوی یەكەم ئـەبێ تۆبیـت، بۆچـی ئـاوا ئەم موعجیزانە هەمەچەشنن؟ چونكە مرۆڤ هەمە چەشنەیە.

هەیە هەر مێژووكاری تێئەكات، هەیە بوارێكـی زانسـتی كـاری تێئـەكات،وەك: (طـب) بـواری نۆژداری.. هەیە زمانو داهێنانی زمان وە روون بێژیو ڕەوانبێژی كاری تێئـەكات، وەك خـوای گەورە ئەفەرموێ (ولقد صرفناه بينهم ليذكروا فأبى أكثر الناس الاكفورا)(٤).

واتە: لەهەموو بابەتێك ئێمە شتێكمان ناردووە كـەبگونجێت لەگـەلْ بایـەخدانی مرۆڤـدا، بـەلاّم كەبیرێك ئەكەینەوە ئایا ئێمە ئەتوانین ئەو گۆڕانكارییە ئـەنجام بدەیـن؟ بـەچی ئـەكرێت ئـەم گۆڕانكاریە؟، ئەو گۆڕانكارییە بەعەقلْ ئەكرێت عەقڵمان پێدراوە، بە ویژدان ئەكرێ ویژدانمان هەیە بەلاّم ئەگەر هاتوو قفڵێكمان دا لەو عەقڵە، ئەو ویژدانەمان كەلەپچە كـرد، وە ئـەو هـێزی داهێنانەی كەتیاماندا هەیەسڕمان كرد، وە ئەو ئیرادەو ویسـتە سـەربەخۆو ئـازادە كـە تیامانـا هەیە كردمان بەبەندەی دنیا بێگومان ناتوانین ئەو گۆڕانكارییە بكەین.

ئەمە هەمووی لەپێناوی ئەوەیە كەباوەڕ ببێتە سەركردەی هەڵسوكەوتمان لـە ژیـاندا، ئەوەیـە مەبەسـتی خـوای گـەورە (والله أعلم)، ئـەم هـەموو جـۆرە موعجیزانـەی لـە قورئـان و زاتـی پێغەمبەردا، (صلى الله عليهوسلم) كۆبوونەتەوە لەپێناوی ئەوەدایە مرۆڤ پەیوەندی بكات بە خوای گەورەوە، وەخوای گەورە ئیمانی پێببەخشێ چونكە ئێمە پێویستمان بەئیمانە، زانست بەتەنیا سوودینییە، ئەوەتا ئەبینین زانست بەبێ ڕەحمـەت چ زەحمـەت و بەلاّیەكـە. مرۆڤـی

---

(٣) الرعد / ١١.
(٤) الفرقان / ٥٠.

زانا  بەبێ ئیمان خۆی ئەفرۆشێ، میللەتی خۆی ئەفرۆشێ، خاکی خۆی ئەفرۆشێ،  لەبەرئەوە هەموو کەسێك پێوستی بەئیمانە، پێوستیبە یەکتاپەرستییە، پێوستی بەناسینی بەرنامەو پەیامەکەی خوایە کەقورئانی پیرۆزە. لەم کۆباسەدا هەوڵ ئەدەین لە پەنجەرەی مێژووەوە سەیری قورئان بکەین و لێی رابمێنین.

کاتێ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیەوسلم) ئەرکی پێغەمبەرایەتی کەوتە سەرشان ودەستی کرد بە خوێندنەوەی قورئان بۆ قورەیشییەکان، ئەوان زۆر رەوانبیژو روونبێژبوون زۆر خزمەتی زمانەکەی  خۆیانیان دەکرد. کام کەڵە شاعیرە ئەڵێ کە چامەیەك یان دووانی خوێندبێتەوە تەماشا ئەکەیت چەندین ڕەخنەی لێگیراوە لەلایەن رەخنەگران و شاعیرانی ترەوە. کاتێ کە پێغەمبەری خوا ئایەتەکانی قورئانی بۆ یەکەم جار لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا خوێندەوە هیچ جۆرە ڕەخنەیەك رووبەڕووی قورئان نەبوویەوە، تەماشائەکەن نەشیعرەو نەپەخشانە بەڵام کارئەکاتە سەر هەموو دڵێك، مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کەسێ کەس لە سەرکردەکانی قورەیش(ئەخنەسی کوڕی شورەیق و ئەبو جەهل و ئەبو سوفیان) ڕوویان نەئەهات لەبەردەمی جەماوەردا گوێ بگرن لە قورئان لەزاری پێغەمبەرەوە(صلی الله علیەوسلم) کە لەناو بەیتا ئەیخوێندەوە، بۆ ئەوەی جەماوەر چاویان لێنەکەن، چونکە ئەمانە سەرکردەن بەشەو بەدزییەوە ئەرۆشتنە نزیك ماڵی پێغەمبەریخوا (صلی الله علیەوسلم) لەکاتی شەودا لەنوێژدا بۆ ئەوەی گوێ بیستی ئەو ئایەتانەی خوابن. لەگەڕانەوەدا توشی یەکتر ئەبوون ئەم ئەیوت تۆلەکوێ بویت، ئەو ئەیوت تۆ لەکوێ بویت، درۆم لەگەڵ مەکە، بۆ یان دەرئەکەوت کەهەرسێکیان چووبوون بۆ بیستنی قورئانی پیرۆز لەزاری پێغەمبەرەوە (صلی الله علیەوسلم)بڕیاریاندا کەئیتر نەچنەوە، بەڵام جارێکی تریش ئەمە ڕووی دایەوە بۆ سێهەم جار ئیتر سوێنینان خوارد بەبتەکانیان کەئیتر ئەم پەیمانە ببەنەسەر، ئەگەر هاتوو یەکێك لە جەماوەری سادەو ئاسایی ئەمەی بینی. ئەوساکە ئەوانیش  شوێن محمد (صلی الله علیەوسلم) ئەکەون  لەبەر ئەوە وازیان لەوە هێنا، ئەمەدەلیلێکی مێژووییە بۆ گەورەیی قورئانو کاریگەری بۆ دلانی بێباوەڕ(قل لئن اجتمعت الآنس و الجن على أن يأتوا بمثل هذا القرأن لايأتون بمثله ولوكان بعضهم لبعض ظهيرا)(٥) قورەیشییەکان پیلانی زۆریان گێڕا، یەکێك لەوانە  ئەوەبوو: بۆ ئەوەی خەڵك گوێ بۆ پێغەمبەر نەگرێ(صلی الله علیەوسلم) (نەضر) ناوێکیان لە (طائف)ەوە هێنا بۆ مەککە بەتایبەت بۆ داستان بێژیو حیکایەت خوانی چونکە زۆر سەفەری کردبوو بۆ شام ئێرانو کۆشکی پاشاکانی بینیبوو،

---

(٥) الاسراء / ٨٨.

لەگەل پیاوە گەورەکاندا دانیشتبوو ئا ئەمانەی بۆخەلکی باس ئەکرد بریك لەو جەماوەرەی راکیشا تا خر نەبنەوە بەدەوری پیغەمبەردا(صلی الله علیەوسلم)، پاش ماوەیەك سەرگوزەشتەو بەسەرهاتەکانی کۆتاییان هات و ئیتر هیچی پی‌نەما، هەموو خەلکەکە دیسان هاتنەوە خزمەت پیغەمبەری خوا (علیه الصلاة و السلام) ئینجا پیلانیکی تریان گیرا کەوا ئەم قورئانە هی پیاویکەو محمد فیرئەکات، هی محمد نی‌یە، پیاویکە لە(نەجد) فیری ئەکات، عەرەبەکان ئەمەیان وتووە لەکۆندا. قورئان بۆمان ئەگیریتەوە (ولقد نعلم أنهم يقولون إنما يعلمه بشر, لسان الذى يلحدون اليه أعجمى و هذا لسان عربي مبين)[٦].

ئەوکەسەی کەئەوان ئەلین مامۆستای محمدە فارسە عەرەبی نازانی ئەی چۆن ئەم عەرەبی‌یە پاراوە ئەنووسیٚ؟! ئەمە قوری دابەدەمیاندا، لەهەمان کاتیشیدا پیغەمبەری خوا (صلی الله علیەوسلم) لەهەمووتەمەنیا سەفەری نەکردووە بەرەو (نەجد). بەلکو بەرەو شوینانی تریش سەفەری نەکردووە بەمنالی نەبی، یەك جار گەیشتە (بوصرا) کە لەویٚ (بوحەیرا)ی راهیبی مەسیحی بینی‌و ئەویش نیشانەکانی پیغەمبەرایەتی تیابەدی کردو ووتی خیرا بیبەنەوە بیپاریزن لەجولەکە، ئەمەنیشانەی پیغەمبەری ئاخر زەمانە.

ئە بوطالبی مامی خیرا بەهەلەداوان وازی لە گەشتەکەی هیناو هینایەوە بۆمەککە، تالەژیاندابوو بەرگری لەم برازایەی کردو خزمەتی کرد. لە گەنجیشداو لە تەمەنی (٢٢–٢٥) سالیدا بەپارەی خدیجە سەفەری کرد بۆشام، ئیتر ئەمە هەموو گەشتەکانی پیغەمبەر بووە(صلی الله علیەوسلم)وە قورئان بۆمان ئەگیریتەوە لەزمانی پیغەمبەرەوە(فقد لبثت فيكم عمرا من قبله أفلا تعقلون)[٧] ئەی ئەو کەسانەی کەوا دەلین، بیربکەنەوە من عومریکم بەسەربردووە لە ناوتاندا (٤٠) سالە سەفەریکم نەکردووە بۆهیچ شوینیك، من(٤٠) دانە سالە شیعریکم نەوتووە، وتاریکم نەداوە، ئیستا کتوپر ئەم گەوهەرە معجیزە لەسەر زمانم دیتە دەری ئیتر باوەر بینن کەئەمە هی خۆم نی‌یە هی خوایە.

پیغەمبەری‌خوا(صلی الله علیەوسلم) نەخویندەوار بووە، ئەگەر نەخویندەواری عەیب بی بۆ هەموو کەسیك بۆ پیغەمبەری خوا سەربەرزی‌یە و ئیعجازە، ئینجا جیاوازی شیوازی فەرموودەکانی پیغەمبەر(صلی الله علیەوسلم) لەگەل سورەتەکانی قورئاندا بۆ کەسیٚ عەرەبی بزانی ئەرزو ئاسمانە. لەفەرموودەکانی پیغەمبەردا زۆر جار باسی خیزانە خۆشەویستەکەی خۆی ئەکرد حەزرەتی‌خدیجە کە (١٥) سال پیش پیغەمبەرایەتی خیزانی بووەو وە(١٠)سال پاش پیغەمبەرایەتی واتە(٢٥) سال خیزانی بووە، پاش وەفاتی زۆر بە ریزو خۆشەویستی‌یەوە

---

(٦) النحل / ١٠٣.
(٧) يونس / ١٦.

باسی ئەکرد، بەلکو خەلات و خزمەتی هاوریکانی(خدیجە)شـی ئـەکرد وەکو لەسیرەدا هـاتوە بەجوانی باسی ئەوی ئەکرد، ئەگەر قورئـان نووسـینی پیغەمبەربووایـە ئەبوایـە نیـوەی باسـی خدیجە بوایە بـەڵام بـە پیچەوانـەوە نـەزۆرو نەکـەم باسـی خدیجـەی تیانیـە. ئەگـەر یـەکیك کتیبیك بنوسیت ناتوانێ زەمی خۆی بکات، ناتوانێو ناکرێ هەرەشـە لـەخۆی بکـات، ئەوانـەی کەمیك رۆشنبیریان هەیە،رۆشـنبیری ئیسـلامی هـەرگیز هەلـەی واناکـەن بلیـن قورئـان زادەی محمدە.

هەر (عبس و تـولی)[8] یـان بەسـە، کـەخوا سـەر زەنشـتی پیغەمبەرەکـەی ئـەکات بۆچـی وات کرد..؟ (عفا الله عنك لم أذنت لهم حتى يتبين لك الذين صدقوا وتعلم الكـاذبين)[9] (... فأن فعلت فأنك إذا من الظالمين)[10] وه (لاتحرك به لسانك لتعجل بـه)[11](ولاتصـل على أحد منهم مات أبدا ولاتقم على قبره)[12]. ئەمانە بەلگەی نەهین بۆ پیغەمبــەر صلـی الله علیە وسلم.

نویژی کرد لەسەر دووروویـەك دوایـی خـوا پـێی فـەرموو: نویـژ نەکـەی لەسـەر دووروو. چۆن ئەیسـەلمینی ئەمەهیـئـەوە؟ جگەلـەئیعجازە زمانەوانیەکـەی ئیعجازەغەیبەیەکـەیو ... هتـد شاعیران و زمانەوانان دەستەوەستان بوون بەرانبەر ئەم قورئانە، خیرا کاری تیئەکردن یەکیك لەوان (ئەنەسی غـەفاری) نـاوبوو هاتـەوە بۆنـاو عشـرەتەکەی، بەبراکـەی ووت: براکـەی نـاوی (ئەبو زەر)بوو کە پاشان بوو بەو ئەصحابە بەرزە، ووتی: براکەم لەمەککـە پیـاویك پـەیدابووە ئەلیت پیغەمبەرم شتیك ئەلی: لەگەل هیچ بەحریکی شعردا ناگونجیو پەخشانیش نییە، بەلام کارئەکاتە سەر هەموو دلیك وەلاهی ئەو راست ئەکات وەلاهی قەومەکەی درۆئەکات.

(عتبەی کوریربیعە) چوو ریکەوتنیکیلەگەل پیغەمبەردا(صلی الله علیەوسلم)کرد کەوا ئەگـەر پارەت ئەوی بۆت کۆئەکەینەوە تائەبیتە دەولەمەندترینمان، ئەگەر حەز بەکورسی و پلەو پایە ئەکەیت ئەتکەینە پاشای هەمووممان، ئەگەر نەخۆشـی دکتـۆرت بۆئـەهینین لەوپـەری دنیـاوە، چیت ئـەوی بـۆت ئەکـەین. پیغەمبــەری خــوا(صلــی الله علیەوســلم) گـویی لیگرتبــوو بــە (یاأباالولید) قسەی لەگەلدا ئەکرد بەناز ناوەکەی پاش ئەوەی کـەلی بـوەوە. پیغەمبـەری خـوا (صلی الله علیەوسلم) فەرمووی: یاأبا الولید (أفرغت) لیبویتەوە؟

---

([8]) عبس / ١.
([9]) التوبة / ٤٣.
([10]) يونس / ١٠٦.
([11]) القيامة / ١٦.
([12]) التوبة / ٨٤.

ئەویش ووتی بەلی. جا فەرمووی: دەتۆش گوی لەمن بگرە. قورئانی بۆ خویندەوە تا گەیشتە (فقل أنذرتكم صاعقة مثل صاعقة عادوثمود)[١٣] خیرا ئەم عتبەی کوری ربیعەیە دەستی خستە سەرلیوی پیغەمبەریخوا بۆ ئەوەی ئەو ئایەتە نەلی ئەمەندە کاری تیکرد پیغەمبەری خوا(صلى الله عليه‌وسلم) بەردەوام بوو لەخویندنەوەی قورئاندا تا گەیشتە سوجدەکەو سوجدەکەی برد، ووتی من ئەمەم پییە. عوتبە گەرایەوە بۆلای سەرکردەکانی قورەیش ووتیان (عتبە) دەموچاوت گۆراوە، ووتی وەللاهی ئەم پیاوە راست ئەکاو وەبەرز ئەبیتەوە لەدوارۆژداو سەرئەکەوی... ئەمانە هەمووی بەلگەی میژوویین بۆ گەورەیی قورئان و ریزو شکۆی پیغەمبەر(صلى الله عليه‌وسلم).

رۆژ بەرۆژ ژمارەی باوەرداران لەزۆر بووندابوو، تایەکیك لەپیاوانیان ناوی (وەلیدی کوری موغەیرە) بوو، کەلە پیاوانی قورەیشی کۆکردەوەو ووتی: ماوەیەکی تر کاتی حەجە با بەدرۆ نەکەوینەوە، بەرانبەر بەمحمد باریك بکەوین ناوەو ناتۆرەیەکی لی بنیین.

بابەتەکە دوورو دریژە لەکۆتاییدا بریاریاندا ناوی بنین(ساحر) گوایە ئەفسون ئەکاو کار ئەکاتە سەر مرۆڤو دل ئەخاتە کریشمەوەو دووری ئەخاتەوە لەمالو منالیو ئالەم بابەتە.

پیشتر خۆیان ناویان نابوو (الصادق الامين)(راست گۆی دەست پاکی داوین پاك) لەگەل ئەم هەموو تەشویشەدا، لەگەل ئەم هەموو عەزیەتدانە هەر پییان ئەووت (الصادق الامين) پیشیان ئەوت ساحر، یەکیك لەو سەرۆك عەشرەتانە ناوی (طوفەیل کوری عەمری دوسی)بوو، کەهات بەخیرهاتنیکیان کردو سەرکردەکانی قورەیش ریزیان گرت و پییان ووت: فەرموو بەخیر بییتو ئەوە طەوافی خۆت بکە، بەلام محمدی کوری عبدالله لەویدا دانیشتووە هەولبدە کە هیچی لی نەبیستی چونکە یەکسەر سحرت لی ئەکات، لە روایەتدا هاتووە ئەلی پارچە لۆکەیەکم خستە گویم بۆئەوەی گویم لەو نەبیت، طەوافی خۆم کرد دوایی پرسیاریکم لەخۆم کرد ووتم(طفيل) تۆ شاعیری، تۆ سەرۆك عەشرەتی کیشەی خەلکی چارە ئەکەی، ئیستا ئەترسی گوی دیری ئەم پیاوە بیت و زایە ببیت؟ ووتی: لۆکەکەم لە گویی خۆم دەرهینا، دوای طواف چومە بەر دەمی ووتم: قسەم بۆبکە،پیغەمبەریش(صلى الله عليه‌وسلم) کەمیك قورئانی بۆ خویندم، هەردوای چەند دەقیقەیەك (طفيل) دەستی دریژکرد و پەیمانی پیداو شایەتمانی هینا کەئەمە کەلامی خوایەو ئەویش رەوانەکراوی خوایە(صلى الله عليه‌وسلم) بەرامبەر بەوە خیرا نوریك هاتە دەمو چاوی (طفيل) وە نوری راستگۆییو دلسۆزی بۆخوا، لەدورەوە ئەبینرا کەنوریك لەنیو چاوانیەتی، داوای لەپیغەمبەر کرد کە ئەو نورە لابچی نەبا قەومەکەی بلین

---

([١٣]) فصلت / ١٣.

خواوەندەکان کاریان تیکردویتو نەبا بە (شیواندنەوە) تەفسیربکری، پیغەمبەری خوا دوعـای بۆ کرد نورەکەی هاتە ناو ئەو دارەی کەبەدەستی‌یەوە بوو، ئەمە بوو بە هۆکـاریك کـە هـەموو عەشرەکەتەکەی موسولمان بن وە هەموویان بین (بەیعە) بدەن بەپیغەمبەر.

پاشای رۆم (هرقل) کە ئەبوسفیان چوو بۆلای‌و باسی کیشەکانی خۆیانی بـۆ کـردوو ووتـی کـە پیاویك پەیدابووە ناوی محمدەو داوای پیغەمبەرایەتی ئەکات.

(هرقل) لی‌ی پرسـی کـی شـوینی کـەوتووە؟ ووتـی: فەقیروهـەژار. ووتـی: هـەموو پیغەمبـەریك ئاوایە. ئەی درۆتان لی بیستووە؟ ووتی: نەخیر قەت درۆمان لی نەبیستوە(هرقل) ووتی: عەقل ئەیگری لەگەل خەلکیدا درۆنەکاو لەگەل خوادا بیکا؟!

قورەیش لەگەل ئەم هەموو هیرشی راگەیاندنەدا لەپیش پیغەمبەرایەتی‌و پاش پیغەمبەرایـەتی هـەر پییـان ووتـووە (الصـادق الامـین) (صلـی الله علیەوسـلم)، حـەزرەتی عمـر کەیـەکی‌بوو لەسەرکردەکانی قورەیش بریاری دا محمد بکوژی رۆژیکیـان توورەبـوو شمشـیرکەی هـەلگرتو ئەگەرا بزانی لەکوییە؟

موسولمانیك بینی (نعیم کوری عبدالله)ی ناو بـوو بەنـهیی موسـولمان بووبـوو، ووتـی (عمـر) وا تورەی بۆکوی ئەچی؟ ووتی: سـەری محمد لی‌ئەکەمـەوە ووتـی: ئـەی ناترسـیت (بنـی هاشـم) تۆلەت لی‌بسەنەوەو لەگـەردنت بـدەن، ووتـی‌ی بالەگـەردنم بـدەن کـەزانی ئـاوا بەراسـتی‌یەتی، ووتی: تۆ برۆ ئاگات لەخوشکەکەی‌خۆت بیت ئەوانە هەموو شوین محمد کەوتوون، ئەی ئەزانی کەفاطمەی خوشکت و میردەکەی (سعیدی کوری زیدە یەکیکە لەمژدەپیدراوەکانی بەهەشـت) مووسلمان بوون و دەرس هەیە لـەمالیاندا لەلایـەن مامۆسـتایەکەوە کـەناوی (خـەبیابی کـوری ئەرەتە) عومەر گەرایەوە لەو خەیالەی کردبووی بەتورەیی‌یـەوە رۆیشـت و خـۆی کـرد بـەمالی سەعیددا، مامۆستاکەیان شاردەوە و (سەعید) لیدانی خـواردوو (فاطیمـە)ی خوشـکی لیدانـی خـواردو داوای ئـەو قورئانـەی ئـەکرد کەبەدەسـتیانەوە بـوو، (پارچـە پیسـتیك قورئـانی تیانوسرابوو) پییان نەدا، بەلام کەبینی خویـن بـەلالیوی خوشـکەکەیدا دیـتە خـوارەوە تـۆزی بیرکردەوەو چۆن ئەبی لەئافرەت بدری دوایی سویندی خـوارد ووتـی: (لـن امسـە بالسـو) ئـەم صەحیفەیە عەزیـەت نـادەم هـەر بمـدەری بیخوینمـەوە، خوشـکەکەی فـەرمووی: تـۆ پیسـیت ئەمەش کەلامی خوایە، نابیت ئینسانی بی‌باوەر دەست بـدات لـە قورئانـەوە بـرۆ خـۆت بشـۆو وەرەوە، عومەر خۆی شت‌ودوای ئەوە ئەو پیسـتەیەی گـرت بەدەسـتەوە: بسـم الله الرحمـن

الرحيم. (طه ما أنزلن عليك القرأن لتشقى) [١٤] ئاوا چەند ئايەتيكى خويند دواى هەستا ووتى: ماأحسن هذا الكلام و ماأكرمه دلونى على محمد).

چەند بەريزە ئەم گوفتارە، چەند بەرزە ئەم شاكارە، محمد لەكوىيە باشايەتمان بينم، لەو كاتەدا ئەزانن ئەمە راست ئەكات ئينسانيكى ئازاو مەردە، لەوكاتەدا (خەبباب) خۆى دەرخست ووتى: من شوينەكەى ئەزانم، وەبردى بۆلاى پيغەمبەرى خواو شايەتمانى هينا.

ئەمانە هەموو بەلگەى ميژوويين، وە ئيعجازو گەورەيى قورئان نيشان ئەدەن بۆ كەسيك بيربكاتەوە..

---

([١٤]) طه / ١ و ٢.